# نزای: ( اللهم لك أسلمت، وبك آمنت، وعليك توكلت، وإليك خاصمت، وبك حاكمت، فاغفر لي ما قدمت وما أخرت، وأسررت وأعلنت، وما أنت أعلم به مني، لا إله إلا أنت )

له ئیبن عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەگەر لە شەودا نوێژی بکردایە (ئەم نزایەی) دەفەرموو: «(اللهم ربَّنا لك الحمدُ، أنت قَيِّمُ السموات والأرض، ولك الحمدُ أنت ربُّ السموات والأرض ومَن فيهنَّ، ولك الحمدُ أنت نورُ السموات والأرض ومن فيهنَّ، أنت الحقُّ، وقولُك الحقُّ، ووعدُك الحقُّ، ولقاؤك الحقُّ، والجنةُ حقٌّ، والنارُ حقٌّ، والساعةُ حقٌّ، اللهم لك أسلمتُ، وبك آمنتُ، وعليك توكَّلتُ، وإليك خاصمتُ، وبك حاكمتُ، فاغفر لي ما قدَّمتُ وما أخَّرتُ، وأسررتُ وأعلنتُ، وما أنت أعلم به مني، لا إلهَ إلا أنت)*». *(واتە: خودایە، ئەی پەروەردگارمان حەمد وسوپاس بۆ تۆ، تۆ ئاسمانەکان وزەوی ئەوانەی تێیدان بەڕێوەیان دەبەیت، حەمد وسوپاس بۆ تۆ؛ تۆ پەروەردگاری ئاسمانەکان وزەویت وئەوانەیش کە تێیاندان، وحەمد وسوپاس بۆ تۆ نور ورۆشنایی ئاسمانەکان وزەویت وئەوانەیش کە تێیاندان، تەنها تۆ هەق وڕاستیت، و وتەی تۆ تەنها هەق وڕاستیە، وپەیمانەکانت هەق وڕاستیە، وگەیشتن بە تۆ هەق وڕاستییە، وبەهەشت هەق وڕاستییە، وئاگری دۆزەخ هەق وڕاستییە، وقیامەت هەق وڕاستییە، خودایە گوێڕایەڵی تۆم -مسوڵمان بووم-، وئیمانم -باوەڕم- بە تۆ هێنا، وداوای یارمەتی لە تۆ دەکەم -تەوەکول بە تۆ دەکەم-، بەهۆی یارمەتی تۆ ڕووبەڕووی دوژمنەکان دەبمەوە، داوای حوکم ودادوەری لە تۆ دەکەم -لە نێوان من وبەرامبەرەکانم-، لە گوناهانەشم خۆش بە؛ ئەوانەی لە پێشووتر کردوومە، وئەوانەی لە داهاتوو دەیکەم، وگوناهی نێهنی وئاشکرام، وئەم گوناهانەش تۆ باشتر شارەزاییت سەبارەتیان زیاتر لە خۆم، هیچ پەرستراوێک هەق وڕاست نییە شایەنی پەرستن بێت جگە لە تۆ)

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەگەر لە شەودا نوێژی بکردایە پاش تەکبیرەی ئیحرام -ووتنی یەکەم: الله أكبر- (ئەم نزایەی) دەفەرموو: (اللهم ربَّنا لك الحمدُ:خودایە، ئەی پەروەردگارمان حەمد وسوپاس بۆ تۆ): هەموو حەمد وسوپاسێک واجبە وشایستەیە بۆ خوای گەورە -سبحانه وتعالى، ئەو زاتە مەزنە سوپاسکراوە بەهۆی سیفەتەکانی وناوەکانی ونیعمەکانی وخوڵقاندنی وکردەوەکانی وفەرمانەکانی وحوکمەکانی، وئەو سوپاسکراوە لە یەکەم وکۆتادا، ولە نهێنی وئاشکرادا. پاشان فەرمووی: (أنت قَيِّمُ السموات والأرض: تۆ ئاسمانەکان وزەوی ئەوانەی تێیدان بەڕێوەیان دەبەیت): واتا تۆ ئاسمانەکان وزەویت دروستکردووە وبەڕێوەیان دەبەیت بەو شێوەی چاکە بۆیان پاش ئەوەی بوونیان نەبوو، تۆ خوڵقێنەر ورۆزیدەر وپادشا وبەڕێوبەری گەردوونی -الخالق والرازق والملك والمدبر-یت؛ ئەم ناوانە جگە لە ناوی -المدبر- نەبێت ئەوانی تر هەموویان لە ناوە پیرۆزەکانی خوای گەورە، تۆ بوونەوەرەکان زیندوو دەکەیتەوە ودەیانژێنیت -المحيي والمميت-یت. (ولك الحمدُ أنت ربُّ السموات والأرض ومَن فيهنَّ:حەمد وسوپاس بۆ تۆ؛ تۆ پەروەردگاری ئاسمانەکان وزەویت وئەوانەیش کە تێیاندان): لە سیفەتەکانی خوای گەورە ئەوەیە نور ورۆشناییە، وئەو -پەردەیەی- لە نێوان ئەو بوونەوەرکانیەتی نورە، وخوای گەورە -سبحانه وتعالى- ئاسمانەکان وزەوی ڕۆشنا کردووەتەوە ونوری پێیان بەخشییووە، وهیدایەت دەبەخشێت بە ئەوانەی لە ئاسمانەکان وزەویدان، ونابێت سیفەتی نور ورۆشنایی نەهی ونکۆڵی لێبکرێت ونابێت بە مانایەکی تر لێکبدرێتەوە. (أنت الحقُّ:تەنها تۆ هەق وڕاستیت): -الحق- ناوێکە لە ناوەکانی خوای گەورە ولە سیفاتەکانی خوای گەورەیە، خوای گەورە هەقە لە زاتی خۆی ولە سیفاتەکانیدا، کامڵە لە سیفاتەکانیدا، هیچ شتێک نایەتە بوونەوە بە بێ بوونی زاتی مەزنی. (وقولُك الحقُّ:وتەی تۆ تەنها هەق وڕاستیە): ئەوەی تۆ فەرمووتە هەق وڕاستی ودادپەروەرییە، وهیچ ناهەقی وپوچەڵێک تووشی نابێت لە

پێش ونە لە پاشیەوە، ونە لە هەواڵەکانی، ونە لە حوکمەکانی وشەریعەتەکەی، ونە لە پەیمانەکانی. (ووعدُك الحقُّ:وپەیمانەکانت هەق وڕاستیە): واتە تۆ پەیمانەکانت جێبەجێ دەکەیت ودەبێت بێنە دی، بەو شێوەیەی خۆت پەیمانت داوە، بۆیە پێچەوانەی نابیتەوە ونایان گۆڕیت. (ولقاؤك الحقُّ:وگەیشتن بە تۆ هەق وڕاستییە): واتە دەبێت بەندەکان هەر بگەن بە دیداری تۆ وپاداشتیان دەدەیتەوە بە پێی کردەوەکانیان، وئەم دیدارە بینینی خوای گەورەش دەگرێتەوە -سبحانە وتعالی-. (والجنةُ حقٌّ والنارُ حقٌّ:وبەهەشت هەق وڕاستییە وئاگری دۆزەخ هەق وڕاستییە): واتا بوونیان هەیە، هەروەکو تۆ فەرمووتە ئامادەکراون ئەوانە دەچنە نێویانەوە، ئەوانە شوێنی مانەوەی هەمیشەیین، چارەنووسی بەندەکان بۆ ئەو دوو شوێنەیە، تەنها کافرەکان بە هەتاهەتایی لە دۆزەخدا دەمێننەوە. (والساعةُ حقٌّ:وقیامەت هەق وڕاستییە): واتا هاتنی قیامەت وزیندووبوونەوەی بوونەوەرەکان هەق وڕاستییە وهیچ گومانێکی تێدا نییە، وئەمە جێگیرە وهیچ ناگۆڕێت، وئەوە کۆتایی دونیایە وسەرەتای دەستپێکردنی ڕۆژی دواییە. (اللهم لك أسلمتُ:خودایە گوێڕایەڵی تۆم -مسوڵمان بووم-): واتا ملکەچی حوکم وفەرمانەکانی تۆم، ومسوڵمان بووم، وڕازی بووم بەم ئاینە پیرۆزە. (وبك آمنتُ:وئیمانم -باوەڕم- بە تۆ هێنا): واتا پەیامەکەی تۆ بەڕاست دانا وئەوەیشی تۆ ناردووتە لە پێغەمبەران وکتێبەکان بەڕاستم دانا وباوەڕم پێیان هەیە، وکردەوە کردنم لە ژیاندا بە پێی ئەو پەیامەیە کە تۆ ناردووتە. (وعليك توكَّلتُ:وداوای یارمەتی لە تۆ دەکەم -تەوەکول بە تۆ دەکەم-): واتا داوای هاوکاری لە تۆ دەکەم ویەنا بە تۆ دەگرم وهەموو کاروبارێکم دەسپێرم بە تۆ. (وإليك خاصمتُ:بەهۆی یارمەتی تۆ ڕووبەڕووی دوژمنەکان دەبمەوە): بەهۆی ئەو بەڵگە وزانستەی بە منت بەخشیووە؛ سەردەکەوم بەسەر کەسێک نکۆڵی بکات ودژ بە ئاینەکەی تۆ بێت. (وبك حاكمتُ:داوای حوکم ودادوەری لە تۆ دەکەم -لە نێوان من وبەرامبەرەکانم-): واتا هەرکەسێک هەق وڕاستی قبوڵ نەکات ونکۆڵی لێبکات؛ حوکم کردن لەسەر ئەو دەسپێرم بە تۆ وتۆ دەکەم بە دادوەر لە نێوان من وئەو، وبەمەش خۆم بە دوور دەگرم لە حوکمی وفەرمانی هەموو ملهوڕ وتاغوتێک یان حوکمێکی پوچەڵ کە پێچەوانەی حوکمی تۆ بێت وەکو یاسا دانراوەکان وگومڕاکان وفاڵگرەوەکان وکەسانی تر کە زۆر لە خەڵکی بۆ حوکم ودادوەری کردن دەگەڕێنەوە بۆ لای ئەوان. (فاغفر لي ما قدَّمتُ وما أخَّرتُ، وأسررتُ وأعلنتُ، وما أنت أعلم به مني:لە گوناهانەشم خۆش بە؛ ئەوانەی لە پێشووتر کردوومە، وئەوانەی لە داهاتوو دەیکەم، وگوناهی نێهنی وئاشکرام، وئەم گوناهانەش تۆ باشتر شارەزاییت سەبارەتیان زیاتر لە خۆم): واتا لە هەموو تاوان وگوناهەکانم خۆش بە، وئەوانەیشی کە دەیانکەم لە داهاتوودا، ولە ئەو تاوان وگوناهانەیشم خۆش بە کە لای بەندەکانت ئاشکرایە وئەوانەیشی لێیان شاراوەیە وکەس پێیان نازانێت. پاشان نزاکەی کۆتایی پێهێنا بە ووتنی: (لا إلـهَ إلا أنت:هیچ پەرستراوێک هەق وڕاست نییە شایەنی پەرستن بێت جگە لە تۆ): واتا تەنها داوا لە تۆ دەکەم ولە تۆ دەپاڕێمەوە؛ هەموو پەرستراوێک جگە لە تۆ پوچەڵ وگومڕاییە، وسەرەنجامی پەرستنی جگە لە خوای گەورە یان پەرستنی شتێک یان کەسێکی تر لەگەڵ خوای گەورە؛ سزا وتیاچوون دەبێت، ئەمە تەوحیدە -یەک خودا پەرستیە- کە پێغەمبەران پێی هاتوون، وخوای گەورە فەرزی کردووە لەسەر بەندەکان.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/8285

النجـاة الخـيرية
ALNAJAT CHARITY

لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee